

# ئەنفالی نامۆی بنار

عومەر محمەد

بەو هەموو روح سوکیەی خۆتەوە تۆ بۆ سواری ئەوماشێنە ڕەزاقورسانەکراویت؟ ئەو ماشێنانەی تروسکایی حەدی نییە خۆی بگەیەنێتە ئەودیوی دەرگا ئاسنیەکانیەوە..! تاڵە تیشکێکی خۆریش ناتوانێ دزەبکاوتەوێلی یەکێکتان ماچ بکات؟ ئەوماشێنانەی بەپڕی بۆبیابان دەڕۆن‌وبەبەتاڵی دەگەڕێنەوە.. ؟! تەنانەت شۆفێرە گەمژەکانیشیان نەیاندەزانی ئەم کاروانەیان بۆکوێیەوئەو سەرنشینانە تاوانیان چییە؟ ئەوان هەرئەوەندەیان دەزانی ئەوانەی سواری ئۆتۆمبیلە داخراوەکان بوون بەگەورەوبچوکیانەوە تاوانبارن، چونکە لە سەرۆکی فەرماندە یاخیی بوون، ئەو منداڵە بەریئانەش تاوانبارن، چونکە لەدامێنی ئەو ژنانە کەوتوونەتە خوارەوە، کە شەرواڵی کوردی‌وکەواوکراسی کوردییان پۆشیوە! ئەرتەپلەلەسەران هەرئەوەندەیان دەزانی‌وبەس! ئیدی ئەوان وافێرببوون.

تۆ هێندە گێل نەبوویت لەزەردەخەنەی دوژمن تێنەگەیت، سەدان جاردەستەویەخەیان بوویت، ئەوانی دوێنێ لێیان بێمنەت بوویت، ئەمرۆ دیلی بەردەستیانیت هەرئەوساتەی ئەفسەرە لچ قەوییەکە دەمی داپچڕی‌وقاقایەکی بەسەر زەلیل بونتانەوە لێدا، تۆ زانیت سەفەرێکە بەرەو مەرگ، دەزانیت پیاوانی عروبە تەنها لەکاتی مەرگی نەیارانیاندا دەتوانن پێبکەنن، تۆچەکدارێك نەبویت بەدوای قەرەباڵغی هەوتبێت، نا پێشمەرگە بویت، سوێندتخواربوو تا سەدام حاکمی وڵات بێت چەکەکەت لەشانت دانەگریت، تائەو فەرماندەی هەموو شتێك بێت مەگەر بۆ شەری ئەم ناپیاوانە دەنانەیەتە سەرجادەی قیروهەرکۆڵەپشتی پڕلەکتێب‌ووردەنانت بەکۆڵەوەبێت، بەڵام ئەوەتا ئێستا هەموو شتەکان پێچەوانەن، دەتەوێت جادەکە درێژبێتەوە، هەزاران هەزارفرسەخ درێژبێتەوە تا بتوانی بیر لەدەرفەتێك بکەیتەوە بۆ ژیان، بەڵام ئەفسووس.. بە هەڵبەزودابەزی ماشێنەکەدا زانیت، جادەی قیرتەواو، ئیتر ژیانیش تەواو وا بۆلایەك دەبرێن

چۆڵەوانی! بەڕێوەن بەرەو مەملەکەتی مەرگی بەکۆمەڵ. هەموو ژیانی ئێوە چەند هەڵبەزودابەزێکی تری ماشێنە ڕەزاگرانەکانەوتەواو، تۆ باش دەتزانی بە وەستانی ئەوماشێنانە ژیانی ئێوەش دەوەستێت.
ئای لەم ڕۆژانە..! تەنانەت بیابانیش سەرسامە لەقەرەباڵغی ئەوهەموو غەریبانەیکە هەرگیز بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەمە یەکەم جارە ئەو بیابەنە خەڵکی بەکۆمەڵوئوتۆمبیلی بەکۆمەڵونرکەنرکی شۆفلی دانجیرو تفەنگچی بەکۆمەڵ بەخۆیەوە ببینێ، وەلێ ئەمە سەردەمی بەعسیانە، ئەوەی نەشیاوە دەیبنی، بیابانیش سەرسامە لەو گەمە فاشیانەی جانەوەرەکانی بەعس.!!
عەجایەب .!
ئەم ئۆتۆمبیلە عۆجەییانە بەپڕی دێنو بەبەتاڵی دەگەڕێنەوە؟ ئەم چەك بەدەستە نامەردانە بە تفەنگی پڕلە گوللەوە دەچنە پێشەوەو بەخاڵیکراوی دەینەوە دواوە، ئەمانە چ مرۆڤێکن تەنها فەرمان جێ بەجێ دەکەن. یاران ئەم چاڵانە بەتاڵنو پڕدەکرێنەوە؟! ئەم شۆفلانە ئەم حەفارانە لەم چۆڵەوانییە کاریان بە هەڵکەندنوپڕکردنەوەچییە؟! ئەم مرۆڤە چیانشینانە چ کاریان بەم بیابانەیە؟ هەموویان پڕن، کەچی بەتاَل دەکرێنەوە، ئەمە چ پرسیارێکە ئەم کرۆڤانە زیندوونودەکوژرێن ! ئەوجەلادانە خۆیان مردوونوژیان لەو زیندوانە دەسێننەوە؟ ئەو منداڵانە! ئەو ژنانە ئەو پیرانە ئەو گەنجانە ئەو هەموو دەستوچاوبەستراوانە کێن؟!! عەجایەب! ئەمە چ پرسیارێکی ئاڵۆزە ؟! ئەمە یاسای چ دارستانێکە ؟ ئەمە عورفی چ پایتەختێکە ؟! بیابانیش سەرسامە لەو پیاوە فەرماندەیەی ڕوخساری لە مرۆڤ دەچێووەلێ مرۆڤیش نیە؟ چاوەکانی غەریبنین بەبیابان وەلێ بیابان هەتا ئێستا دڕندەی وەهای نەبینیوە!!
وای لەئێوە لە 14/نیساندااگیران وەلێ ئەمڕۆ نازانن چەندی نیسانە، لەو ڕۆژەوە ئەوەندە سوارکراونو دابەزیندراونەتەوە، چما ژمارە ماوە بۆسەر ژمێرکردنەوەتان؟ پێش 14ی نیسان ئێوە ترستان ڕاودەنا وەلێ ئێستا ترس ئێوەی داپۆشیوە!! لەپێش ئەنفال ئێوە سورەتی ئەنفالتان دەخوێند بۆئەوەی لەقیانەت سەربەست بن، وەلێ ئێستا ئەنفال ئێوە دەخوێنێتەوەوسەربەستی دنیاتان لێدەسێنێتەوە! نیسانی پار ئێوە سورەتی ئەنفالتان کردبووە گولله بەندوبەیەخەی کورە جەنگاوەرەکانی خۆتاندا دەکرد، وەلێ ئەم نیسانە ئەنفال گوللەتان بەسەردا دەبارێنێ! ئەمە چ حەشرێکە یاران؟ ئەمەقیامەتی ئەودنیایەیە کەمەلاکان لەخوتبەی هەینی دەیگێڕنەوە یان تۆپزاوایە بووەتە قیامەت؟!
هەرلەناو ئوتومبیلەکەدابوویت، تیلەی چاوێکتدایەو ورتەت نەکرد هەرلەدلی

خۆتدا: ئەوە فەرەجی تۆپخانەیە کەخۆی گۆڕیبوو بۆسەفەر، ئەوە سەلامە کەخۆی بەهیوای سەلامەتی ئەوانی تر خۆی لەفیشەکدا زەرد کردبوو؟ ئەوە ئەوکوڕە جحیڵانەن کە دەیانووت ئێمەش دەبینە بەرگری ئەوانەی سوویندیان بەگۆڕی هاوڕێ شەهیدەکانیان دەخوارد هەتا سەدام لەسەرتەختبێت نەیەنەوە ریزی نیشتمانی، وەلێ ئەمرۆ هەموو بووینەسەرنشینی ئۆتۆمۆبیلە رەزاگرانەکانی سووپا، ئەو ئیڤایانەی تەنها مردووباردەکەن، لەمسەرەوە سەربازەکان بەپێی خۆیان سەردەکەوتن بۆجەنگو لەوسەرەوە بێ پیابوون لەبری ئەوەی بەریز دانیشن وەك مورە دار بەجەستەی ساردەوە بویان لەبەرەکانی جەنگەوە بەم ئیڤایانە دەهێنانەوە بۆ نیشتمان، لەم خەیاڵانەدابویت، کە بەکردنەوەی دەرگای سەیارە سەرداپۆشراوەکان دواچرکەساتەکانی ژیانتان لە بیاباندا بینی، تازە فریای چی دەکەوی؟ نەدەتوانی سڵاوێك بنێرتەوە، نەگەردن ئازادی لەخزموخوێش بکەی، چماکەس ماوە؟ گەردن ئازایی لێ بکەیت؟ هەرچی تۆ دەیناسی والێرەیە، هەرچی نەتناسیبوو لەسەفەری دۆزەخدا ناسیت، سەرتسورمابوو چۆن وازوولە دۆزەخ رزگارتانبوو بێخەبەربووی لەوەی تۆپزاوا تەنها دەروازەی دۆزەخە! هەرچی گوندنشینە ئەنفالکراوەو هەرچی ئەنفالکراویشە حەق‌وحسابی لەم بیابانە بڕایەوە، جابۆ ئێرە؟ چما مردن لە هەر شوێنێك بێت هەرمردن نییە؟ ئەم هەموو ڕێگا دورەی بۆچی بوو؟ وای لەودیمەنانەی، بەبەرچاوتەوە لەدوو چرکەساتی زۆرکورتدا گوزەریان کرد، هێشتا چاوتیان نەبەستبوو کە ڕاکێشانی میلی کۆمەڵە تەفەنگێك لەپەل‌وپۆی خستی، هێشتا هاوار لەدەمتا بوو کەنوکەشەقێك سەرەوبن هەڵیدایتە چاڵێکەوە پڕ لەمرۆڤی زۆر لێکراو، پڕلەمەرگی بێ فاتیحاو پڕلە جەستەی دەم داچەقاو، پڕ لەکەلەپچەی پشتێن‌ودەم‌و چاوی بەجامەدانە شەتەك دراو، وای لەوچرکەساتەی تۆدیتت ؟ وای لە لێقەومانی میللەتیی تۆ؟ لەو ڕۆژی حەشرەدا، لەو کۆمەڵکوژیەدا کەمەرگ بەهەموو سەرەوەت‌ومالی دنیامەودای هەناسەیەکی نەدەدایە کەس، خۆشت نەتزانی تۆ خۆت لەدەست مەرگ‌وجەلادو تفەنگەکان رزگارکرد، یان تفنگچیەکان لەکوشتن ماندووببون، هەرچۆنێك بوو، بەچنگە کڕێو بەسکە خشکێو بەجەستەی بریندارەوە، بەدڵی هەلاهەلاو، بەتراژیدیای خەمەکانەوە، بەگەدەیەکی بەتاڵ‌وجل‌وبەرگی شیتاڵ شیتاڵ بوو، لەمەرگە ساتی بیابانەوە، لە گۆڕستانی بێکفن‌وبێکێل‌و بێگۆریچەو بێتەڵقین‌و بێشینی دایك‌وخۆشك‌وبێ فرمێسکی دڵدارانەوە، لە پێدەشتی لمەوە گەڕایتەوە بناری چیا، بەجەستەی هەلاهەلاتەوە گەیشتیتەوە کوردستانی ئەنفالکراو، سویندت خوارد

**ئەگەر ئەمجارە تاکە کەسێکیش بەچیاوە نەمێنێ، تۆدانەبەزیت، بەجەستەورۆحی بریندارەوە هاتیتەوە بەشایەتی حەقیقەتێکی تالەوە هاتیتەوە بێ ئەوەی بتوانیت بەگوێی کەسێکدا بچرپێنی ئەنفالکریاین، هەرخۆت لەبەرخۆتەوە ووتت: گورگ بمخوات باشترە لەوەی بەعسیەکان بەدەم کوشتنمەوە قاقا لێدەن، بەنهێنیی مەرگەساتێکەوە هاتیتەوە بۆبنار، بەکۆستی میللەتێکی بێکەسەوە، هاتیتەوە بۆ کوردستان، بەگرێی پرسیاری ئالۆزی ئەنفالەوە گەرایتەوە، تائەو ساتە نەتزانی بوو ئێرە بووەتە وێرانە، ئێرەش بووەتە ئەنفالستان .**